### پێیان بڵێ بمبوورن ... هێمن مەلازادە

ئەم چەند ڕۆژەی تێپەڕی دووسێ بابەتم بینین، کە لەسایتی بەڕێزی "کوردستان نێت" بڵاوکرانەوە سەبارەت بە ڕادیۆی هەرێم. سەرەتا من بەرلەوەی سەفەری ئەوروپا بکەم، بۆ ماوەی دوو سێ ساڵ لەو ڕادیۆیە کارم کرد، ئێستاش وەك و وەفایەك بەرامبەر بەو ڕادیۆیەو کارمەندە بەڕێزەکانی، دەمەوێت پێشینان گوتەنی "بەرێك بخەمە نێو مزگەوتەوە"و ڕونکردنەوەیەك بدەم، هەرچەندە من ئێستا لە ڕادیۆی ناوبراویش کارناکەم.
ئەو شتانەی کە نوسرابوون، تایبەت دوایین بابەت کە (سلیمان احمد) نووسیبووی لەسەر ڕادیۆی هەرێم کە بە مەزەندەی خۆی وەڵامی بەڕێوەبەری ڕادیۆکەی داوەتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو برادەرە شمووليانەو بە شێوەیەکی گشتی دابەزیبووە سەر هەیکەلی ڕادیۆو تێکڕای کارمەندەکانەوەو لە تەوەرە سەرەکیەکانی دابوو، زۆر کەسیشی بریندار کردبوو.
من دەمەوێت ئەوە بڵێم، ئەگەر ئەو نووسەرە بەڕێزە وا مەزەندە بکات کە "گۆران حوسێن"ی بەڕێوەبەر ئەو وەڵامەی دابێتەوە، دەبێ مەزەندەی ئەوەش بکات، کە سەرۆکایەتی حکومەت و ئەندامانی دەست ڕۆیشتووی حکومەت کەسانی وەك "گۆران حوسێن" بن، ئەم مەزەندەیەش هەر کەسێك بیکات شایەنی ئەویە من پێی بڵێم لە (بێخەبەران تەشتەك سەڵەوات) .
نامەوێت لە خوێنەرانی بەڕێزی بشارمەوە، کە من خودی خۆم گومانبار کراوم بەوەی کە گوایە ئەو بابەتە من نووسیومە لەسەر بەرێوەبەر،
من وەك و ئامازەم پێدا نامەوێت کانیەك ئاوم تیا خواردبێتەوە بەردی تێ فڕێ بدەم و ناشمەوێ بابەتەکە بە شێوازێکی تر بگۆڕم، بەڵام دەمەوێت ئەوە بڵێم، کە زۆر شەرمە بۆ ئەو برادەرە بەو شێوازە نووسینە دابەزیوەتە سەر ڕادیۆو کارمەندە بەڕێزەکانی ڕادیۆ، وە ئەوەش بزانە لە بەر ئەوەی شانازی بەو ڕادیۆیە دەکەم کە چەند ساڵێك کارم تیا کردووە، بۆیەش بە پێویستم زانی کە وەڵامت بدەمەوە، داواشت لێدەکەم وەك و ئەخلاقێکی بەرزی ڕۆژنامەنووسان داوای لێبووردن لە ستافی ڕادیۆ بکەو، ڕوونکردنەوەیەکیش بنووسە، سەرەڕای ئەوەی جنێودان و ناو زڕاندن کارێکی جوان نیە بۆ ڕۆژنامەنووسان، چونکە هەردەم ڕۆژنامەنووسان پێشەنگن لە گۆڕانکاریەکان و، جێگای خۆیەتیشی کە چۆن باسی گەندەڵی دەکەن، شتە باشەکانیش بنووسن و باس بکەن.

Malazada83@gmail. com